The Centre of Halabja
*Against Anfalization and*
*Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.info

C.H.A.K
The Centre of Halabja

Nawendî Helebce
*Dij be Enfalkirdin u*
*Cinosaydî Gelî Kurd*
*ÇAK*
contact@chak.info

# له ڕۆژی یەکەمی دادگایی ئانرات بەڵگەنامەکانی چاك لەسەر ئانرات بووە یەکێك لە بابەتە گرنگەکانی دادگا

## نوێنەری باڵوێزخانەی ئێران  ناڕازی بوو لە هەڵگرتنی ئاڵای کوردستان لە لایەن چاکەوە

ئەمرۆ 2-4 کاتژمێر 10 ی سەرلەبەیانی پرۆسەی ئیستئناف حوکمی سەپێنراو بەسەر تاوانبار فرانس ڤان ئانرات دەستی پێکرد , ئەوەی شایانی ئاماژەیە لە لایەن دادگاوە گرنگیەکی  زۆر درا بەو بەڵگەنامەی ناوەندی چاك لەسەر فرانس ڤان ئانرات کە  پێشکەش داواکاری گشتی کرابوو , ئانراتیش نکۆڵی نەکرد لەو نامەیەی خۆی نووسیبووی بۆ دەسەڵاتدارییەتی عێراقی , ئەمە یەکەمجارە بەو شێوەیە چەندین جار  باسی ڕۆڵی چاك لە دادگاییەکە بکرێت , لە ڕۆژانی داهاتووش ژمارەیەکی زۆری دیکە لە بەڵگەنامەکانی چاك لە پرۆسەی دادگاییەکە بەکار دەهێنرێت , بەشێکی باشیان لێ  وەرگێردراوەتە سەر زمانی هۆڵەندی و سەرباری ئەو بەڵگەنامەو فلیمانەی بە زمانی ئینگلیزی بوون , ئەوەی شایانی ئاماژەیە ناوەندی چاك ژمارەیەکی زۆر دۆکۆمێنت و  فلیمی داوە بە دادگا .
هاوکات لە دوای تەواو بوونی دادگاییەکە لە کاتێکدا ئامادەبووان بە کۆمەڵ وێنەیان دەگرت , کاتێك  نوێنەری چاك بە ئالای کوردستانەوە  ویستی بەشداری وێنەگرتنەکە بکات , نوێنەری کۆماری ئیسلامی ئێران  ناڕەزایەتی دەربڕی بەرامبەر هەڵگرتنی ئاڵای کوردستان , بەڵام کەوتە بەر ناڕەزایەتی ئامادەبووان .
بۆیە داوا لە هەموو دڵسۆزانی گەلەکەمان دەکەین ڕۆژی چوارشەممە 4-4-2007 کاتژمێر 9 ی سەرلەبانی  بە ئاڵای کوردستانەوە بەشداری خۆپیشاندانی بەردەرگای دادگا  بکەن , با کۆماری جینایەتکاری ئیسلامی ئێران ڕەوتی دادگاییەکە بە ئاراستەی بەرژەوەندی خۆی بەکار نەهێنێت  , ئەو ڕژێمە کەمتر لە سەدام تاوانبار نییە بەرامبەر بە گەلەکەمان , بۆ هەمووانی بسەلمێنین ئانرات بەرامبەر بە گەلکوژی کورد دادگایی دەکرێت .

**ناوەندی چاك**

**2007-4-2**